# بەکارهێنانی ڕێبازی جەبر بۆ ئاڕاستەکردنی سیاسەت لە سەردەمی خیلافەی ئومەویدا

**مەریوان عبدول عبدالله حمەرشید**
کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان- سیدصادق- بەشی مێژوو

## پوختە

هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی بۆ بەهێزکردنی پایەکانی دەسەڵاتی خۆی پشت بە کۆمەڵێک بنەما دەبەستێت، تاوەکو ڕەوایەتی بە دەسەڵاتی خۆی بدات. ئومەوییەکانیش بەهەمان شێوە ویستویانە لە زۆر ڕێگای جیاوازەوە ئەو کارە بکەن. بەتایبەتی ئەگەر ئەوە بزانین، کە بەرهەڵستکارانی ئومەوی کەسانێکی بەهێز بوون لە ڕووی بوونی ڕەوایەتی و کەسایەتییەوە، کە لەبنەماڵەی پێغەمبەر بوون. ئەمەش وای لە ئومەوییەکان کرد، کە بەدوای ڕەوایەتییدا بگەڕێن، یەکێکیش لەو شتانەی کە بەکاریان دەهێنا، بیرۆکەی جەبر و جەبری سیاسی بوو. کە پوختەی ئەم بیرۆکەیەش ئەوەیە، مرۆڤەکان لە هێزێکی باڵاوە، کە خوایە هەموو شتێکیان بەسەردا سەپاوە و پێویستیشە ئەوە قبوڵ بکەن، دەسەڵات و فەرمانڕەوایی ئەوانیش لەو چوارچێوەیەدایە و پێویستە ملکەچی ئەو دەسەڵاتەی ئەوان بن، چونکە لەلایەن خواوە چەسپاوە. بۆ سەپاندنی ئەم بیرۆکەیەش سوودیان لە بوونی ڕەگی ئەم بیرۆکەیە وەرگرتبوو کە لەناو موسڵماناندا هەوادار و داکۆکی کاری هەبوو.

## پێشەکی

بابەتی جەبری کەلامی کە دەگەڕێتەوە بۆ جەهمی کوڕی سەفوان زۆری لە بارەوە نووسراوە و کۆڵراوەتەوە، لە دێریندا و لە نوێشدا، بەڵام جەبری سیاسی کەمتر توێژینەوەی لەبارەوە کراوە، ئەمەش گرنگی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانەمان (بەکارهێنانی ڕێبازی جەبر بۆ ئاراستەکردنی سیاسەت لە سەردەمی خیلافەی ئومەویدا) دەردەخات، جگە لەوەی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە دەبنە هۆی کۆڵینکاری لە ناواخنی دەسەڵاتی ئومەوی و گەڕان بەدوای ئەولایەنە وردانەی کە لە ڕواڵەتدا دیارنین، بەڵام گرنگی زۆریشیان هەیە لە بەهێزبوون و مانەوەی دەسەڵاتەکەدا.

ئەم توێژینەوەیە پێک هاتووە لە چەند باسێک، باسی یەکەم لەبارەی سەرهەڵدانی ڕێبازی جەبرێتییەوەیە، لێرەشدا باس لە بنەڕەتی وشەی جەبر و دوو ڕەوتی جیاوازی جەبر کراوە، ئەوانیش جەبری کەلامی و جەبری سیاسین، باسی دووەمیش ئاماژە بە دانانی بنەما و سەرەتای بەکارهێنانی جەبر لە ناو دەسەڵاتی بنەماڵەی ئومەویدا کراوە. باسی سێیەمیش تایبەتە بە بەکارهێنانی جەبر


http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp275-285

دوای معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان، باسی چوارەمیش سەبارەت بە سوود وەرگرتنە لە شیعر بۆ بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی جەبر لەلایەن ئومەوییەکانەوە، کە بەهێزترین ڕێگابووە بۆ ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە لەو سەردەمەدا.

## گرنگی توێژینەوەکە و هۆی هەڵبژاردنی

ڕووداوەکانی مێژووی خیلافەی ئومەوی گرنگییەکی زۆری هەبووە لە مێژووی فەرمانڕەوایەتییەکانی ناو شارستانییەتی ئیسلامییدا، ئەمەش بایەخی لێکۆڵینەوە لە لەمێژووی ئەم سەردەمە دەردەخات، بەتایبەت ئەگەر لێکۆڵینەوەکە لە هزری سیاسی و ئاراستەی سیاسەتکردنی فەرمانڕەواکانی بنەماڵەی ئومەویی بێت، کە ئەم توێژینەوەیەی ئێمەش ئاماژە بە بنەمایەک و چەمکێک دەکات، کە ئومەوییەکان پشتیان پێبەستووە لە سیاسەتیاندا، هەر ئەمەش هۆی گرنگی توێژینەوەکەمانە. هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرنگییە، سەرەڕای ئەوەی کە کۆڵینکارییە لە پرسێک کە ڕاستەوخۆ بۆخوێنەری مێژووی سیاسەتی ئومەوییەکان خۆی دەرناخات.

ڕێبازی توژینەوە

ئەو میتۆدەی کە ئێمە پشتمان پێبەستووە میتۆدی مێژوویی شکارییە، لەبەر ڕۆشنایی ڕووداوە مێژووییەکان و خوێندنەوە و شیکارکردنیان، ڕاڤەی لایەنێکی گرنگی فەرمارڕوایی ئومەوییەکانمان کردووە.

## ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیەکی بەشەکیبانەیە لە ئاراستەیەک لە شێوازی سیاسەتکردنی بنەماڵەی ئومەییەکان و شارەزابوون لەو ئاراستەیە و چۆنێتی بەکارهێنانی لەلایەن ئومەوییەکانەوە، کە بەکارهێنانی جەبرە لە سیاسەتدا.

## باسی یەکەم

## سەرهەڵدانی ڕێبازی جەبریە زاراوەی جەبر و دوو ڕەوتی جیاوازی جەبرێتی

جەبر لە زماندا بەمانای بەستنی شتی شکاو و چاککردنەوەیەتی، ((جبر و انجبر و تجبر و اجتبر)) بەمانای لە بەسەریەکا کەوتن و شکانەوە کە چاک بکرێتەوە، یان بەمانای بێنیازکردنی هەژار یان ناچارکردن لەسەر کردنی کار و زۆرلێکردن هاتووە، (تجبر) بەمانای لوتبەرزی و خۆ بەزلزانین هاتووە[i].

ئەوەی لەم توێژینەوەی ئێمەدا مەبەستە ئەو مانایەی جەبرە کە بەمانای سەپاندن و زۆر لێکردنە، یان ناچارکردنە لەسەر کردنی کارێک، کە هەڵبژاردنی تێدا نییە، کە یەکێک لە مانا زمانییەکانی جەبر ئەوەیە، کە ئێمە مەبەستمانە.

ڕێبازی جەبرێتی پێی وایە مرۆڤ هیچ توانایەکی نییە، بە تواناییش پەسن(وێف) ناکرێت، بەڵکو ناچارە لە کردارەکانییدا، واتا بەسەریدا سەپاوە، نە توانای هەیە، نە هێزی هەیە، نە هەڵبژاردن، بەڵکو خوا کردارەکانی لە مرۆڤدا دروستکردووە، هەروەک چۆن لە تێکرای هەبووە نازیندووەکاندا دروستی کردوون. بە شێوەیەکی مەجازی کردارەکان دەدرێنە پاڵ مرۆڤ، هەروەک چۆن دەدرێتە پاڵ شتە نازیندووەکان، چۆن دەگوترێت خۆر هەڵهات، ئاوەکە دەڕوات، درەختەکە بەری گرت. پاداشت و سزاش سەپێنراوە[ii]، هەروەک کردارەکان تێکڕا سەپێنراوە . بەپێی ئەم تێڕوانینە مرۆڤ خاوەنی هیچ ویستێک و هەڵبژاردنێک نییە و دەبێ ملکەچی سەپاندن بێت و پێشی ڕازی بێت[iii]، چونکە ڕازی نەبوون و ملکەچ نەبوونی هیچ لە دەرئەنجامەکان ناگۆڕێت.


http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp275-285

جەبرییەکان بە هاوەڵان و شوێنکەوتوانی جەهمی کوڕی سەفوان گوتراوە، کە جەهمییەشیان پێ گوتراوە، بەوەش جیا دەکرێنەوە لە حەتمیێتی، کەسی جەبری هەموو شتێک دەگەڕێنێتەوە بۆ هێزی باڵا، کە خوایە[iv] .

ئەگەرچی جەهمی کوڕی سەفوان بە دامەزرێنەری گروپی جەبرێتی دادەنرێت، بەڵام ڕێبازی جەبری لە سیاسەتدا پێش جەهم لە بنەماڵەی ئومەوییدا جێبەجێ کراوە، هەر لەسەردەمی موعاویەوە ئەوە بەدی دەکرێت، ئەوەی جێگەی سەرنجە جەهم جەبرییەتەکەی بەکار نەهێناوە لە خزمەتی دەسەڵاتی سیاسی ئومەوییەکاندا، بەڵکو بە پێچەوانەوە جەهم دژی دەسەڵاتی بنەماڵەی ئومەوییەکان بووە و بەرهەڵستکارێکی سیاسی ئومەوییەکان بووە، تا ئەوکاتەی لەلایەن موحەممەدی کوڕی مەڕوانەوە دەکوژرێت لە ساڵی (128ک)، ئەو دەرچوونیشی لە دژی بنەماڵەی ئەمەوی بە جەبر و قەدەرێکی دیاریکراو زانیوە[v].

وادەردەکەوێت هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان جەبرێتی کەلامی جەهم و جەبرێتی سیاسی بنەماڵەی فەرمانڕەوای ئومەوییدا نەبوو‌بێت. ئەمەش ئەوە پیشان دەدات، فەرمانڕەوایی ئومەوی لەسەر جەبرێکی سیاسی تایبەت دروست بووە، ڕووکارەکانی ئەو جەبرێتییە تایبەتەش بە ڕوونی لە گوتەکانی هەندێک لە دەسەڵاتدارەکانی بنەماڵەی ئومەویدا دەبینین[vi] . ئەگەرچی ئەو بۆچوونە ڕاستە جەهم هیچ پەیوەندییەکی بە بنەماڵەی ئومەوییەوە نەبووە و دژیشیان بووە، بەڵام سەرئەنجام ئەو بڵاوبوونەوە و گەشەسەندنەی بیرۆکەی جەبر لەلایەن جەهم و هاوەڵەکانییەوە، با لەلایەن دژەکانی ئومەوییەکانیشەوە بوو بێت، سوود و بەرهەمی بۆ ئومەوییەکان هەبووە، بەتایبەتی کە خۆی هاوسەردەمی هەندێک لە فەرمانڕەواکانی ئومەوی بووە. بیرۆکەی جەبرێتی لە سوودی کۆی پرۆسەی سیاسی ئومەوییەکاندا بووە، چونکە تەنها ئەوە بەس بووە بۆ بەرژەوەندی سیاسی ئومەوییەکان، کە بیرۆکەی جەبر و سەپاندنی هەموو شتێک لەلایەن خواوە بەسەر مرۆڤدا بڵاو ببێتەوە لە ناو خەڵکییدا، کە کاری کردۆتە نەستی خەڵکی تاوەکو بەرهەڵستی بنەماڵەی ئومەوییەکان نەکەن.

## باسی دووەم
## دانانی بنەماو سەرەتای بەکارهێنانی جەبر لە نێو دەسەڵاتی بنەماڵەی ئومەویدا

هەر لەسەرەتاوە کە ئومەوییەکان خیلافەیان گرتە دەست هەوڵی ئەوەیان دا کە بەهانە بهێننەوە بۆ وەرگرتنی خیلافە و پاڵپشتی خەڵکی و ڕەوایەتی بەدەست بهێنن. دوای ئەوەی کە موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان دەسەڵاتی وەرگرت دەیویست بەڵگە بۆ ئەوە بهێنێتەوە کە بوونی بە خەلیفە مافی خۆیەتی، ئەوەی کە زیاتر ئەمەی پێویست دەکرد ئەوە بوو کەهەندێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر ڕازی نەبوون بە خیلافەتی ئەو. چونکە ئەو لەوانە بوو کە دوای فەتحی مەکە موسڵمان بوو بوو، لە موسڵمانە لەپێشینەکان نەبوو و خاوەنی مێژوویەک نەبوو لە ناو ئیسلامدا[vii] . هەموو دەسەڵاتێک هەوڵی بەڵگە هێنانەوە دەدات بۆ ڕەوایەتی دەسەڵاتەکەی، بەڵام ئەوانەی ئاماژەیان پێکرا زیاتر هاندەر بوون بۆ ئومەوییەکان و یەکەم خەلیفەیان کە هەوڵی بەهانەهێنانەوەی سەپاندنی مافیان لە دەسەڵاتوەرگرتندا بدەن.

ئومەوییەکان بیروباوەڕی جەبر و سەپاندنیان کرد بە پاڵپشت و کۆڵەکەیەک بۆ دەسەڵاتەکەیان[viii] ، کاتێک کە معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان (41-60ک)[ix] بە زۆرەملێ خۆی سەپاند بەسەر خیلافەتدا[x] ، ئەوەی ئاشکراکرد: ((ئەگەر پەروەردگارم بە شایستەی ئەم کارەی نەزانیبایا ئەوا بۆی دانەدەنام، ئەگەر خوا پێی ناخۆش بوایا ئەوا ئێمەی تیا نەدەبوین و دەیگۆڕی))[xi] ، لەم دەقەی کە لەیەکێک لە گوتارەکانی معاویەوە وەرگیراوە، بێجگە لەوەی کە هەواداری جەبرییەتی تیا بەدی دەکرێت، بە جۆرێک لە جۆرەکان پیرۆزییەک بە خۆی و دەسەڵاتەکەی دەدات، چونکە وا پیشان دەدات، ئەو لەلایەن خواوە بە شایستە دانراوە و ئەم کارەی بۆ ئەو داناوە. ئەمەش لە لایەکەوە بۆ ڕێگەگرتن لە هەرکەسێک بیەوێت دژ بە دەسەڵاتەکەی بووەستێتەوە، ڕێگە خۆشکەریش دەبێت بۆ ئەوەی دەسەڵاتێکی ڕەها دابمەزرێنێت.


http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp275-285

موعاویە یەکەم دەسەڵاتداری ئومەوییەکان بووە، جەختی لە بیرۆکی جەبر کردۆتەوە و بۆ بەرژەوەندی سیاسی دەسەڵاتی ئومەوییەکان بەکاری هێناوە، تەنانەت ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزی بەکار هێناوە بۆ سەلماندنی بیرۆکەی جەبر وەک ئایەتی[xii] : ((قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَن تَشَاءُ وَتَنزِعُ الْمُلْكَ مِمَّن تَشَاءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَاءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَاءُ بِيَدِكَ الْخَيْرُ إِنَّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ))[xiii] . جەختکردنەوەی موعاویە لەسەر جەبر بۆ ئەوە بووە، لە زەینی خەڵکیدا ئەوە بچەسپێنی، دەسەڵاتداریی ئەوان، شتێکە لە لایەن خواوە بڕیاری لێدراوە و دروست نییە کەس بەرەنگاری ببێتەوە، هەرکەسێک بەرەنگاری بێتەوە بەرەنگاری ویستی خوا دەبێتەوە. ئەم جۆرە گوتارەش کاریگەری هەبووە لەسەر بیرکردنەوە و بۆچوونی خەلکی گشتی.

موعاویە لە یەکێک لە گوتارەکانیدا گوتویێتی: (( من خەزێنەداری یەکێک لە خەزێنەکانی خوام، بەکەسێک دەبەخشم کەخوا پێی ببەخشێ، لە کەسێکیش دەگرمەوە کە خوا لێی بگرێتەوە. ئەبو دەرداء لێی ڕاست دەبێتە و دەڵێت: درۆدەکەی ئەی موعاویە، سوێند بەخوا تۆ بەو کەسە دەبەخشی، کە خوا بۆی دانەناوە، لەوکەسەش دەگریتەوە کە خوا بۆی داناوە، جگە لە ئەبو دەرداء عوبادەی کوڕی سامتیش موعاویەی بەدرۆ خستۆتەوە))[xiv] . ئەوەی موعاویە گوتویێتی وەک ئەوەی لە دەقی گوتارەکەیدا ئاماژەمان پێکرد، خۆسەپاندنێکی تەواوی تیا بەدی دەکرێت، هاوتاکردنی گوتە و کردارەکانی خۆشیەتی بە گوتە و کردارەکانی خوا، ئەمەش بەڕوونی لادانە لە بنەما سەرەکییەکانی قورئان، وەک شورا[xv] و دادپەروەری[xvi] ، چونکە شورا و دادپەروەری دوو بنەمای هەرە سەرەکی و بنەڕەتین لە ئایینی ئیسلامدا، کە پێویستە هەبن لە لە فەرمانرەواییەکی باشدا، کە لەسەر بنماکانی ئیسلام دامەزرابێت. ئەوەی لە دەقەکەوە دەردەکەوێت ئەو هیچ جێگەیێک بۆ کەس ناهێڵێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو خەزێنەداری خوایە، دادگەریش کە پێویستە هەرکار بەدەستێک کاری پێبکات، لە قورئان و سونەتدا ڕێوشوێنەکانی دیاریکراون، بەڵام ئەو بەگوتنی ئەو گوتەیەی کە بەخشینی ئەو بەخشینی خوایە، هیچ شوێنێک بۆ دادگەری ناهێڵێتەوە.

پاشان ئەو لوتبەرزییە سیاسی و کەسییەی لەم گوتارەی موعاویەوە دەردەکەوێت، کە چەندە جیاواز بووە لە خاکی بوون و مرۆیی بوونی هەڵوێستی خەلیفەکانی ڕاشیدی، بۆنمونە کاتێک ئەبوبەکری سدیق بۆتە خەلیفە گوتویێتی: ((ئەی خەڵکینە من بوومە سەردارتان، چاکترینیشتان نیم، ئەگەر چاکم کرد پشتم بگرن خۆ ئەگەر خراپیشم کرد ڕاستم بکەنەوە... گوێڕایەڵیم بکەن تا گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بم، ئەگەر نافەرمانی خوا و پێغەمبەرەکەیم کرد، ئەوا هیچ گوێڕایەڵییکم مەکەن))[xvii] ، بەهۆی ئەو ڕەوایەتییەی کە خەلیفەی یەکەم، کە لە موسلمانانەوە وەریگرتبوو، خاکیبوونیشی نواندووە لەبەردەم خەلکییدا، چونکە ئەو ڕەوایەتییەی لە خەڵکەوە وەرگرتووە و لە بەردەمیشیاندا بەرپرسیارە و ئەو پەیمانەی لە نێوانیاندایە دەیخاتە ڕوو، کە لەسەر بنەمای گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوا گرێداراوە و بەستراویشەتەوە بە جێبەجێکردنییەوە. بەڵام لەبەرامبەردا ئومەوییەکان لەبەر ئەوەی ڕەوایەتییەکیان نەبوو لە لەلایەن خەڵکییەوە، هەربۆیە ئومەوییەکان هەوڵیان داوە لاوازی ڕەوایەتی دەسەڵاتەکەیان بە چەسپاندنی بیرۆکەی جەبرێتی بچەسپێنن.


http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp275-285

## سێیەم
## بەکارهێنانی جەبر دوای معاویە

دوای معاویەش ئومەوییەکان بەردەوام بوون لە بەرەوپێدانی بیرۆکەی جەبر و سوود لێوەرگرتنی بۆ مانەوەی دەسەڵاتەکەیان، هەواداری(میل) خەڵکی موسڵمانیان قۆزتەوە سەبارەت بەو بیروباوەڕەی کە هەموو ڕووداوێک بە پێی قەدەرە و چەسپاوە یان لەلای خواوە دارێژراوە، بەو مانا بڵاوە ئیسلامییەی هەبووە[xviii] . لە پێشتردا ئاماژەمان بەوە کرد کە ئومەوییەکان خۆیان کاریان لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەم بیرۆکەیە کردووە، تاوەکو لای خەڵی بیچەسپێنن. پاشان بەرهەمی ئەوەیان چنیوەتەوە کە پاراستنی دەسەڵاتەکەیان بووە بەو بیرۆکەیە.

یەکێک لەو کەسانەی کە بەسەرەتای بانگەشەکەرانی ڕێبازی جەبری دادەنرێت لە چەسپاندنی دەسەڵاتی ئومەوییەکاندا، (زیاد بن ئەبیهی)یە، کە هەر لەسەردەمی معاویەدا ئەم ڕۆڵەی بینیووە، لەو گوتارەیدا کە بۆ خەڵکی بەسرای دا لە ساڵی (45ک) کە بە گوتاری بەترا ناسراوە[xix] ، گوتویێتی: (( ئەی خەڵکینە، ئێمە بووینە سیاسەتمەدار بەسەرتانەوە... بەدەسەڵاتی خوا بەڕێوەتان دەبەین کە پێی بەخشیوین... ))[xx] ، دەتوانرێت لەم گوتانەی زیادەوە دوو پرسی گرنگ هەڵگۆزین، یەکێکیان: دەسەڵات وەرگرتنە لە خواوە کە سەپاندنی دەسەڵاتی ئومەوییەکانە بەسەر خەڵکیدا و خەڵکی بۆیان نییە هیچ بەرهەڵستکارییەکیان هەبێت، چونکە سەرچاوەی دەسەڵاتیان لە خەڵک وەرنەگرتووە، بەڵکو لە خوا وەریانگرتووە. دووەمیان کە گوتویێتی بەدەسەڵاتی خوا ڕەهەندێکی پیرۆزی دەدات بە دەسەڵاتەکەیان، کە هیچ گومانێک هەڵناگرێت.

یەزیدی کوڕی موعاوییەش کاتێک دەبێتە دەسەڵاتدار و لە باوکییەوە دەسەڵات وەردەگرێت، بەردەوام دەبێت لە درێژە پێدان بە بانگەشەکردن و بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی جەبر. لە نامەیەکدا بۆ (کارگێڕ)ی مەدینە نووسیویێتی: ((موعاوییەی کوڕی ئەبو سوفیان بەندەیەک بووە لە بەندەکانی خوا، خوا ڕێزی لێناوە، کردویەتی بە جێنشین، دەسەڵاتی پی داوە، جێگیری کردوو...))[xxi] ، گوتارەکە هیچ ئاماژەیەک بەڕۆڵی ڕەعیەتی تێدانەکراوە، بەڵکو دەسەڵاتێکە لە هێزێکی باڵاوە کە خوایە بەخشراوە پێیان، بۆیە خەڵکیش هیچ مافێکیان نییە داوای لابردنی ئەو دەسەڵاتە بکەن یان بەرهەڵستکاری بکەن.

وەلیدی کوڕی یەزیدی کوڕی عەبدولملیک لە نووسراوێکیدا جەخت لە بیرۆکەی جەبر دەکاتەوە بەوەی، کە خوا خەلیفەکانی داناوە و دەسەڵاتی پێ بەخشیون و بە میراتی لە پێغەمبەرەوە (د.خ) پێی گەیاندون، هەرکەسێک مافەکەیان پێشێل بکات خوا لەناویان دەبات، هەرکەسێکیش جیاوازی بخاتە ناو کۆمەڵەکەیانەوە خوا لەناویان دەبات. پاشان باس لەوە دەکات، کە سەر و لوتکەی ئەم کارە گوێڕایەڵییە، باس لەوەش دەکات کە گوێڕایەڵی دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی پلە بەرزەکانی سەرکەوتن، گۆێڕایەڵی نەکردنیش هۆکاری تورەیی و تیاچوونە[xxii] . ئەوەی جێگەی سەرنجە نزیکییەک هەیە لە گوتار و تێڕوانینەکانی ئومەوییەکان سەبارەت بە دەسەڵات و ڕەوایێتی دەسەڵات و ملکەچکردنی خەڵکی بۆ ئەودەسەڵاتەی کە هەیان بووە، وەک لە بۆچوونەکانی یەزیدیش کە پیشتر ئاماژەمان پێکرد هاتووە، جەخت لە دوو خاڵ دەکاتەوە یەکێکیان ئەوەیە کە دەسەڵاتی ئەوان لە خواوەیە و خوا بەخشیویێتی پێیان، دووەمیشیان پێویستە خەڵکی گوێڕایەڵیان بن، چونکە ئەگەر گوێڕایەڵ نەبن، دوو زیان دەکەن، زیانێکیان لە دنیادا خوا دەسەڵاتی ئەوان بەسەریاندا زاڵ دەکات و لە ناودەچن، لە دوارۆژیشدا سەرفراز نابن.


http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp275-285

## چوارەم
## سوود وەرگرتن لە شیعر بۆ بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی جەبر

یەکێک لە و ڕێگایانەی کە لەوسەردەمەدا کاریگەری لەسەر خەڵکی هەبووە و بە شێوەیەکی خێرا پرسە جیاوازەکانی پێ بڵاو بۆتەوە شیعر بووە، کە زۆر بەزوویی دەماودەم بڵاو بۆتەوە، لە دەرباری ئومەویش گەلێک شاعیر هەبوون، پەسنەکانیان بۆ خەلیفەکانی ئومەوی و پیاهەڵدانەکانیان ڕۆڵێکی کاریگەری بینیووە.

شاعیرەکانی دەرباری ئومەوی و لایەنگرانیان بەرجەستەی بیردۆزی ئومەوییەکانیان کردووە بۆ خیلافە، ئومەوییەکانیش کردویانە بە بنچینەیەک بۆ چەسپاندن و ڕەوایەتی پێدانی دەسەڵاتەکەیان و بەلگەهێنانەوە بۆی و بەرگریکردن لێی. نمونەی ئەمانەش لە ئەدەبی سەردەمی ئومەویدا زۆرن، کە زۆرجار هەندێکیان هەندێکی تریان دوو بارە دەکەنەوە، سەرەتا و کۆتاییان خول خواردنە بە دەوری یەک واتادا، کە ئەویش ئەوەیە خوا خیلافەی بەخشیوە بە ئومەوییەکان، ئەوان سێبەری خوان لەزەویدا، دەسەڵاتی ئەون بەسەر خەڵکییەوە [xxiii].

عبداللە ی کوڕی هەمامی سەلولی دوای مردنی موعاویەی باوکی بە یەزیدی کوڕی معاویەی گوتووە:

اصبر يزيد فقد فارقت ذا ثقة وشكر حباء الذي بالملك اصفاكا
لارزء اعظم في الاقوام نعلمه كما رزئت ولا عقبى كعقباكا
اعطيت طاعة اهل الارض كلهم فانت ترعاهم والله يرعاكا
وفي المعاوية باقي لنا خلف اما هلكت ولا نسمع بمعناكا[xxiv]

شاعیر جەخت دەکاتەوە لە ئەوەی کە یەزید هەڵبژێردراوە، ئەمەش جۆرێک لە پیرۆزی پێدانی شاعیرە بە یەزید و دەسەڵاتەکەی، باشترین ڕۆزیشی پێ بەخشراوە کە بەکەس نەدراوە، خوا گوێڕایەڵی خەڵکی زەوی پێ بەخشیووە، ئەو چاودێری خەڵکی دەکات و دەیان پارێزێت و خواش چاودێری تۆ دەکات و دەتپارێزێت.

شاعیری سەردەمی ئەمەوی فەرزدەق لە دێرە شعرێکدا کە بە یەکێک لە خەلیفەکانی ئومەوی کە عەبدولملیکی کوڕی مەروانە گوتووە، بەم جۆرە پەسنی دەکات:

فالارض لله ولاها خليفته وصاحب لله فيها غير مغلوب[xxv]

شاعیر دەڵێت زەوی هی خوایە و بەخشیویەتی بە خەلیفەکەی، دۆستی خواش کەمەبەستی عەبدولملیکە هەرگیز نابەزێت. ناوهێنانی بە خەلیفەی خوا، پیرۆز کردنی دەسەڵاتدارانە، ئەگەر تێبینی بکەین ئەبوبەکری سدیق ئەم نازناوەی ڕەتکردۆتەوە، چونکە ناوهێنان بە خەلیفەی خوا دەسەڵاتێکی پیرۆز دەبەخشێت بەکەسەکە و هیچ کەس ناتوانێت لە بەرامبەریدا بووەستێت و سەرئەنجام دەسەڵاتێکی ڕەها و ستەمکاری لێ دروست دەبێت. پیرۆزییەکە لە نیوەی دووەمی بەیتەکەدا دەگاتە ئەو ئاستەی با دۆستی خوا ناوی بنات کە بەو هۆیەوە هەرگیز ناشکێت.

ئەختەڵیش کە یەکێکی ترە لە شاعیرەکانی دەرباری ئومەوی بەم چۆرە پەسنی دەسەڵاتدارانی ئومەوی دەکات:

أَعطاكُمُ اللهُ ما أَنتُم أَحَقُّ بِهِ إِذا المُلوكُ عَلى أَمثالِهِ اِقتَرَعوا[xxvi]

مافی پیرۆزی دەدات بە دەسەلاتدارانی بنەماڵەی ئومەوی، وا باسیان دەکات کە خوا ئەو دەسەڵاتەی پێداون و ئەوانیش شایستەی ئەوەن، ئەمەش پێی دەگوترێت بیردۆزی مافی خودایکە لەلای ساسانەکان[xxvii] و زۆرێک لە پاشا ستەمکارەکانەوە پەیڕەوکراوە.

جەریریش لە پەسنی یەزیدا گوتویەتی:

اما يزيد فان الله فهمه وواعطاه ملكا واضح النور
خليفة الله انى قد جعلت لكم غرا سوابق من نسيجى و تحبيرى[xxviii]

ئەم شاعیرەش بەهەمان شێوە بە خەلیفەی خوای دادەنێت و ئەو دەسەڵاتەی بە بەخششی خوا دادەنێت، جێگەی تێڕوانینە کە زۆرێک لەو شاعیرانەی پەسنی ئومەوییەکان دەکەن بە خەلیفەی خوایان دادەنێن، جگەلەوەی لە هەندێک لە گوتارەکانی


http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp275-285

دەسەڵاتدارانی بنەماڵەی ئومەویش ئەم گوتەیە دوو بارە دەکرێتەوە. ئەمە ئەو پرسیارەمان بۆ دروست دەکات ئایا دەبێت ئەم دووپات کردنەوە و چەسپاندنە خۆبەخۆ بێت یان ئەوکەسانەی ئەم گوتەیەیان گوتووە ئاراستە کراون؟ ئەگەرچی ئێمە بەڵگەیەکی ئەوتۆمان لە بەردەستا نییە لەسەر ئەمە، بەڵام دەتوانین لەو زۆر دووبارەکردنەوەیەوە ئەوە هەڵبگۆزین، کە بەجۆرێک لە جۆرەکان ئەم شاعیرانە ئاراستەکراون، تا زۆر ئەو دەستەواژەیە بڵێنەوە بۆئەوەی لە لای خەڵکی بچەسپێت.

بەهۆی ئەم شاعیرانەوە کە دەتوانین بڵێین ئەوانە چینی ڕۆشنبیری ئەو کاتە بوون توانیویانە کاریگەری لەسەر خەڵکی دابنێن، کە ڕۆشنبیری دەربار بوون و کاریانکردووە بۆ بڵاوکردنە و بانگەشەکردن بۆ بیرۆکەی جەبر و پیرۆزکردنی دەسەڵاتی ئەمەوی و بوونە هۆی لادانی خەڵکی لەو بەهایانەی ئیسلام بڕیاری لەسەرداون، کە دەبوو موسڵمانان لەسەریان بڕۆشتنایە بۆ ڕزگاربوون لە کۆیلایەتی.


http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp275-285

# ئه نجام

یەکەم: بیرۆکەی جەبر لەناو موسڵمانانداندا لە سەردەمی ئومەوی و پێش ئەو سەردەمەش بەجۆرێک لە جۆرەکان هەبووە، بەهۆی تێگەیشتنی موسڵمانەکان بۆ دەقەکانی قورئان و ڕوانینیان بۆ قەزا و قەدەر و جەبر و ئیختیار، هەربۆیە وەک گروپی کەلامیش لەسەردەمی ئومەوییدا دەردەکەون بە ڕابەرایەتی جەهمی کوڕی سەفوان.

دووەم: هەر لەسەرەتای وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن ئومەوییەکانەوە و لە گوتار و قسەکانی یەکەم فەرمانڕەوایان، کە موعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیانە، بانگەشە بۆ جەبری سیاسی هەست پێدەکەین، ئەمەش بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان و ڕەوایەتی پێدان بە دەسەڵاتەکەیان، چونکە دەسەڵاتەکەیان پێویستی بە ڕەوایەتی پێدان هەبوو لەبەر ئەوەی، ئەوان بەزۆر ئەو دەسەڵاتەیان زەوت کردبوو.

سێیەم: خەلیفەکانی دوای موعاویەش برەویان بە بیرۆکەی جەبر داوە، تاوەکو بە تەواوی ئەوە لە زەینی خەڵکیدا بچەسپێنن، کە دەسەڵاتەکەیان ڕەوایەتی هەیە، ئەمەش لە گوتارەکانیاندا هەستی پێدەکرێت، تەنانەت هەندێک لە والی و کاربەدەستەکانیشیان ڕۆڵیان هەبووە لەمەدا، وەک (زیاد بن ئەبیهی).

چوارەم: یەکێک لە شتە زۆر گرنگەکانی ئەو سەردەمە بۆ بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکان، کە وەک دەزگای ڕاگەیاندن وابووە بۆ ئەو سەردەمە و ڕۆڵیشی هەبووە لە چەسپاندنی بیرۆکەکان لە زەینی خەڵکدا شیعر بووە، ئومەوییەکان بەکاریان هێناوە بۆ چەسپاندنی بیرۆکەی جەبری سیاسی. شاعیرەکانی دەرباری ئومەوی بەسەر خەلیفەکانی ئومەویدا هەڵیانداوە و بە خەلیفەی خوا و وەرگری دەسەڵات لە خواوە ناویان بردوون، تاوەکو ئەو بیرۆکەیە لە زەینی خەڵکییدا بچەسپێنن.

## پەراوێزەکان

---

i سيد جعفر سجادی: فرهنط اصطلاحات فلسفي ملاصدرا، ضاث دوم،وزارت فرهنط و ارشاد اسلامی، 1986،تهران، ص175.

ii ابي فتحى عبدالكريم الشهرستاني: الملل و النحل، تحقيق: محمد فريد، المكتبة التوفيقية، بدون سنة، القهرة، ج1، ص100.

iii م. ن. ص٢٧٩.

iv مجمع اللغة العربية: المعجم الفلسفي، عالم الكتب، بيروت، 1979، ص59.

v هانى عبادى محمد سف المغلس: الطاعة السياسية في فكر الاسلامي، ط1، معهد الفكر السلامي، بيروت،2014، ص278.

vi م. ن، ص ص 277-278.

vii محمد دوابشة: صورة الخليفة فى شعر الاخطل، فصلية اضاءات النقدية، عدد١١، ٢٠١٣.

viii الحبيب عياد: الكلام في التوحيد،ط1، دار المدار الاسلامي، 2009، بيروت، ص73.

ix ابن اثير:الكامل في التاريخ، تحقيق: خليل مامون شيحا، ط1، دار المعرفة، بيروت، 2002، ج3، ص405.

x اليعقوبي: تاريخ اليعقوبي، ط2، دار الكتب العلمية، بيروت، 2002، ج2، ص150.

xiقاضي عبدالجبار: فضل الاعتزال، تحقيق: فؤاد سيد، دار التونسية للنشر، ب. م، ب. س، ص143.

xii محمد صياح العيسى: تطور القدرية في العصر الأموي، استاذ مساعد تاريخ وانثربولوجيا- رئيس قسم التاريخ في جامعة ال البيت- الاردن https://www.ahlalhdeeth.com/vb/attachment.php?attachmentid=76150&d)

xiii سورة ال عمران: اية 26.

xiv قاضى عبدالجبار: م. س، ص144.

xv ((وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ)) سورة الشورى: اية 38.

xvi ((إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ))سورة النحل: اية 90.


http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp275-285

xvii جرجي زيدان: تاريخ التمدن الاسلامي، دار مكتبة الحياة، بيروت، بدون سنة الطبع، ج1، ص ص59=60.
xviii مونغمري وات: الفكر الاسلامي(مفاهيم الاساسية)، ت: صبحي حديدي، ط1، دار الحداثة، بيروت، 1981، ص58.
xixحسين عطوان: الامويون والخلافة، ط1، دار الجيل، عمان، 1986، ص25.
xx احمد بن محمد بن عبد ربه الأندلسي، العقد الفريد، ط2، دار إحياء التراث العربي - بيروت ، 1999، ج4، ص 103.
xxi الإمامة والسياسة، تأليف: أبو محمد عبد الله بن مسلم ابن قتيبة الدينوري، تح: خليل المنصور، دار الكتب العلمية ، بيروت، 1997، ج1، ص164.
xxii حسين عطوان:م. س، ص ص27-28.
xxiii حسين عطوان: م. س، ل29.
xxiv ابي محمد احمد بن اعثم الكوفي: الفتوح، دار الكتب العلمية، بيروت، بدون سنة ، ج3، ص8.
xxv الفرزدق: ديوان الفرزدق، ط1، دار ارقم بن ابي ارقم، بيروت، 1997، ص49.
xxvi الاخطل: ديوان الاخطل، تح: مهدي محمد ناصر، ط2، دار الكتب العلمية، بيروت، 1994، ص .
xxvii صبحي الصالح: النظم الاسلامية نشاتها وتطورها، منشورات الشريف الرضي، مطبعة امير، قم، 1417هـ ، ص30.
xxviii جرير: ديوان جرير، ط1، دار ارقم بن ابي ارقم، بيروت، 1997، ص ص224-225.

سەرچاوەكان
يەكەم: سەرچاوە پیرۆزەكان
ا- قورئانی پیرۆز
دووەم: سەرچاوە عەرەبییەكان
ا- سەرچاوە عەرەبییە دێرینەكان
1. ابن اثير، عزالدين ابي الحسن علي بن ابي الكرم محمد بن محمد بن عبدالكريم بن عبدالواحد الشيباني: (630 هـ)
الكامل في التاريخ، تحقيق: خليل مامون شيحا، ط1، دار المعرفة، بيروت، 2002.
2. الاخطل:
ديوان الاخطل، تح: مهدي محمد ناصر، ط2، دار الكتب العلمية، بيروت، 1994.
3. ابن اعثم الكوفي، ابي محمد احمد:
الفتوح، دار الكتب العلمية، بيروت، ب.س.
4. الأندلسي، احمد بن محمدبن عبد ربه:
العقد الفريد، ط2، دار إحياء التراث العربي - بيروت ، 1999.
5. الدينوري، أبو محمد عبد الله بن مسلم ابن قتيبة:
الإمامة والسياسة، تح: خليل المنصور، دار الكتب العلمية ، بيروت، 1997.
6. الشهرستاني، ابي فتحى عبدالكريم:
الملل و النحل، تح: محمد فريد، المكتبة التوفيقية، القاهرة، ب.س.
7. الفرزدق:
ديوان الفرزدق، ط1، دار ارقم بن ابي ارقم، بيروت، 1997.
8. قاضي عبدالجبار:
فضل الاعتزال، تحقيق: فؤاد سيد، دار التونسية للنشر، ب م، ب.س.
9. اليعقوبي، أبو العباس أحمد بن إسحاق بن جعفر بن وهب بن واضح : (284 هـ)
تاريخ اليعقوبي، ط2، دار الكتب العلمية، بيروت، 2002.

ب- سەرچاوە عەرەبییە نوێیەكان


http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp275-285

جرجي زيدان:
تاريخ التمدن الاسلامي، دار مكتبة الحياة، بيروت، ب. س.
1. الحبيب عياد:
الكلام في التوحيد،ط1، دار المدار الاسلامي، بيروت،، 2009.
2. حسين عطوان:
الامويون والخلافة، ط1، دار الجيل،عمان، 1986.
3. سيد جعفر سجادى:
فرهنط اصطلاحات فلسفي ملاصدرا، ضاث دوم،وزارت فرهنط و ارشاد اسلامى، ،تهران، 1986.
4. صبحي الصالح:
النظم الاسلامية نشاتها وتطورها، منشورات الشريف الرضي، مطبعة امير، قم، 1417ه.
5. مجمع اللغة العربية:
المعجم الفلسفي، عالم الكتب، بيروت، 1979.
6. مونغمري وات:
الفكر الاسلامي(مفاهيم الاساسية)، ت: صبحي حديدي، ط1، دار الحداثة، بيروت، 1981.
7. هانى عبادى محمد سف المغلس: الطاعة السياسية في فكر الاسلامي، ط1، معهد الفكر السلامي، بيروت،2014.
سێیەم: سایتە ئەلکترۆنییەکان
1. محمد صياح العيسى: تطور القدرية في العصر الأموي، استاذ مساعد تاريخ وانثربولوجيا- رئيس قسم التاريخ في جامعة ال البيت-الاردن . https://www.ahlalhdeeth.com/vb/attachment.php?attachment)


http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp275-285

**Abstract**

All political authorities to strengthen the pillars of their power rely on a set of foundations and principles in order to justify their strength and ability. Likewise, the Umayyads wanted to use various methods, especially if we knew that the Umayyad's opponents were strong in terms of their legitimacy and personality, because they were from the family of the Messenger of God. This is what made the Umayyads to search for legitimacy. One of the techniques they used is the ideas of determinism and political determinism. And the summery of the idea is, that man is a transcendent power and it is God who imposed everything on them, as well as the Umayyad's political and authority rule within that inevitable scope, so the people must accept it, and submit to it, because their authority was derived from God. To impose this idea, the Umayyads benefited from the roots of that idea that is prevalent among Muslims and had many followers who defended it.

Key concepts
- Determinism doctrine
- Politics
- Umayyad Caliphate



http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp275-285